# بانگەوازێک بۆ سەرجەم کوردستانیەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا

---

**بۆ سەرجەم کوردستانیەکانی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا**

وەك ئاگادارن لە چەند رۆژی داهاتوودا پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عیراق دەست پێ دەکا ، ئایندەی میللەتەکەمان بەستراوەتەوە بە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەوە ، چونکە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراو داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی یە ، بۆ ئەوەی بتوانین لەو دەستوورەدا تەواوی داخوازیە رەواکانی میللەتەکەمان زامن بکەین و خوێنی شەهیدەکانمان بە هەدەر نەڕوا ، پێویستە بێ دوودڵی رووبکەینە سندووقەکانی دەنگدان و بۆ ( لیستی هاوپەیمانی کوردستان ) واتە ( قائمه التحالف الکردستانی ) دەنگ بدەین کە ژمارەکەی 130 یە ..




دوو رێگامان لە بەردەمدایە : یان دەبێ رۆڵی مێژوویی خۆمان بنوێنین و وابکەین کورد ئامادەییەکی بەرچاوی لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقدا هەبێ و بەشداری تێکڕای بڕیارەکان بێ بۆ ئەوەی کارەساتەکانی رابردوو دووبارەنەبنەوەو ئایندەیەکی گەش بۆ میللەتەکەمان زامن بکەین ، یاخود دەبێ پشت بکەینە

سندوقەکانی دەنگدان بەمەش لە داڕشتنەوەی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژین جگە لە رۆڵی تەماشاکەر هیچی دیکەمان نابێ ..!!

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە : لە داڕشتنەوەی عیراقدا تەماشاکەربین یان کاراکتەری فیعلی ..؟! ئەو دەنگانەی لێرەو لەوێ بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن خەڵك بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکات ، چ ئەلتەرناتیفێکی واقیعی یان پێیە ؟ تۆ بڵێی سەرکردایەتی سیاسی کورد بیری لە تێکڕای ئەگەرەکان نەکردبێتەوە و دوای تاوتوێکردن و راڤەکردنێکی زۆر ئەوسا بڕیاری بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا نەدابێ ..؟!

چونکە بە یەك گوتاری هاوبەش چووینەتە نێو یاریەکەوە ، چونکە یەك پرۆژەو بەرنامە و پلانمان هەیە و لەسەر ئایندەی کوردستان و عیراق کۆك و تەباین ، هەربۆیە شانسی سەرکەوتنی گەلەکەمان لەو یاریەدا گەلێك بەهێزە ، بەڵام بە بەشداریکردنی کاراو چالاکانەی کوردستانیەکانی دەرەوەی وڵات ئەو شانسەمان بە هێزتر دەبێ ، چونکە ئێمە لە دەرەوەی وڵات گەر هەموو لە گۆشەنیگایەکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بڕوانینە ئەو هەڵبژاردنەو رووبکەینە سندوقەکانی دەنگدان بێ گومان ئاکامی هەڵبژاردن بە سوودو قازانج بۆ دۆزی میللەتەکەمان دەگەڕێتەوە ..

**هاونیشتمانیانی بەڕێز ،**

ئەوانەی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیان یاخود لە هەر گۆشەیەکی دیکەی دونیا گیرساونەتەوە ..

تەواوی شەهیدانی بزوتنەوەی کوردایەتی داوامان لێدەکەن ،

قوربانیانی هەڵەبجە هاتوونەتەوەو پێمان دەڵێن ،

182 هەزار ئەنفال لەوێوە لە ساراکانی عەرعەر و نوگرە سەلمانەوە پەیام ئەنێرن و پێمان دەڵێن بڕۆن ئێمەش لە گەڵتاندایین و با پێکەوە دەنگ بۆ ( لیستی هاوپەیمانی کوردستان ) بدەین ..

**کوردستانیانی بەڕێزی دانیشتووی ئەڵمانیا**

– لە 17 تـــــا 23 ی ئەم مانگە لە کاتژمێر 8:00 تـــــا 17:00 دەتوانن ناوتان لە یەکێك لەم چوار مەڵبەندەی خوارەوە لە ئەڵمانیا تۆماربکەن و لە لایەن کارمەندانی مەڵبەندەکەوە بەڵگەیەکتان پێ دەدرێت کە تیایدا ئێوە وەك دەنگدەری تۆمارکراو پێناسە دەکرێن . بۆ تۆمارکردنتان وەك دەنگدەر دوو بەڵگەنامە پێویستە کە مەرج نیە هەردووکیان بەڵگەنامەی عیراقی بن ، بۆ نموونە دەکرێت هەردوو بەڵگەنامەکە ئەڵمانی بن ، گرنگ ئەوەیە کە یەکێکیان وێنەی پێوە بێت و ئەوەی دیکەیان ئەوە دیار بکات کە ئێوە عیراقین یا بە رەچەڵەك عیراقین .

– لە 28 تـــــا 30 ئەم مانگە لە کاتژمێر 7.00 تـــــا 17:00 و لە هەمان ئەو مەڵبەندەی کە ناوتان تیا تۆمار کردووە دەتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەن ژمارە 130 ....

**ناونیشانی مەڵبەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران و هەڵبژاردن لە ئەڵمانیا :**

1- Alte Wache, Albertinenstraße 6 , 13086 Berlin **بەرلین**

2- Olympiapark,Event Arena,ehemaliges Olympia-Radstation,Toni-Merkens-Weg 4, 80809 München **میونیخ**

3- Butzweillerhof, TOR Ikarosstraße,50829 Köln **کۆڵن**

Ossendorf ویێستگەی 5 بە ئوبانی ژمارە

4- Maimarkthalle /-gelände, Xaver-Fuhr-Straße 101,68163 Mannheim **مانهایم**

بۆ ئەوەی نەهامەتیەکانمان دووبارە نەبنەوە ، بۆ ریزگرتن لە خوێنی گەشی شەهیدان

با بچینە بەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن و دوانەکەوین لە دەنگدان ،

با لە نەخشاندنی ئایندەی میللەتەکەماندا چالاکانە بەشداری بکەین ...

ڕێزو خۆشەویستیمان قبووڵ بفەرموون

کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەڵمانیا

ی ن ک

13.01.2005